# تورکیا، بەدوورکەوتنەوە لە ئەمریکا، تا دێ پتر خۆی تووشی هەڵان دەکا!

ئاسۆ کەریم
Aso2karim@yahoo.com

• نکوڵی لەوە ناکرێ لە سەردەمی شەڕی ساردا، پێوەندیی نێوان تورکیاو ئەمریکا هەم ستراتیجی و هەم توندوتۆڵ بووە. بەلایەنی کەمەوە بەربەستێک بوو لەبەردەم "خشینی سۆڤیەت" بۆ ناوچەکە.

• هەروا بۆ ئەمریکاو رۆژئاوا، تورکیا گرنگ بوو، وێرای کە ئەندامی ناتۆ بوو، سنووری لەگەڵ دوو وڵاتی ناحەزی ئەوانیش هەبوو: سوریا و عێراق. چونکە هەم ئەمریکا و هەم پەیمانی ناتۆش، بنکەی سەربازییان لە ناو خاکی تورکیادا هەبوو و هەیە. بێ لەوە تورکیا، یەکەمین دەوڵەت بوو لە جیهانی ئیسلامی، هەر زوو، یەک حەفتە دوای ئەمریکا، ساڵی ١٩٤٨ دانی بە دەوڵەتی تازە دامەزراوی ئیسرائیل نا و لەوساوە، بەگشتی پێوەندیی نێوان ئەو دوو دەوڵەتە خۆش بووە.

• پێوەندیی نێوان ئەمریکا- تورکیا، ساڵی ١٩٧٤، کە تورکیا پەلاماری قوبرس-ی دا، ماوەیەک، ساردو سڕ بوو.

• شۆرشی ١٩٧٩ی ئێران، بایەخی تورکیای لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوین، وەک هاوپەیمانێکی ستراتیجی ئەمریکا، زێتر کرد. بەڵگەی ئەمەش، ساڵی ١٩٨٠ هەردوو وڵات، رێککەوتننامەیەکی دیفاعی و ئابووریيان مۆرکرد. بەپێی ئەو رێککەوتننامەیە، مۆدێرنیزەکردنی سوپای تورکیا و راگرتنی ئابووریی تورکیا کەوتە ئەستۆی ئەمریکا. تورکیاش لە لای خۆیەوە رێگەی بە ئەمریکا دا، ئاسمانی وڵاتەکەی بەکار بهێنی، ئەمە بێ لە هاریکاریکردنی یەکتر لە بواری ئیستخباراتیدا.

• لێ پاش رووخانی یەکێتیی سۆڤیەت و هەڵوەشانەوەی پەیمانی وارشۆ، دوای ١٩٩١، ئەو پێوەندییە هەمان گەرم و گوڕی و گرنگیی جارانی نەما. بەڵام بەو مانایەش نا، کە بەلای ئەمریکاوە، تورکیا هیچ قورسایی و گرنگییەکی نەبێت.

• لە شەڕی یەکەمی کەنداودا، لە سەردەمی تۆرگۆت ئۆزال، تورکیا هاوکارییەکی باشی ئەمریکای کرد، لەو شەڕەدا هەردوو بنکەی (ئینجەرلیک و باقهان)ی لە خزمەت فڕۆکەکانی ئەمریکا دانا. هەروا تورکیا بەتەمای ئەوەش بوو لە سیستەمی رۆژهەڵاتی ناویندا کە ئەمریکا لە نۆهەتەکانەوە بانگەشەی بۆ دەکا، دەورێکی باڵا لەتەک ئیسرائیلدا لە ناوچەکە بگێڕی. بۆ ئەم مەبەستەش پێوەندییەکانی خۆی لەسەر چەندین ئاستدا، بە تایبەتی لە بواری ستراتیجیای سەربازی و بەربەرەکانێی ئیرهاب و ئاڵوگۆڕی زانیاری و پەرەپێدانی بازرگانیدا، لەگەڵ ئیسرائیل بەرەو پێشەوە برد. لەو کاودانەدا، ئۆجەلان-ی رادەستکرا. ئێران و وڵاتانی تری ناوچەکە، لەو پێوەندییانەی تورکیا- ئیسرائیل هەراسان و دڵگران بوون.



• تورکیا، لە پاش ١١ی سپتێمبەری ٢٠٠١، لەشەڕی هاوپەیمانیی دەولی دژ بە حکوومەتی تاڵیبان و قاعیدە، بە چەند یەکەیەکی سەربازی بەشداری کرد.

• هێرشی ئەمریکا بۆ سەر عیراق لە ئاداری ٢٠٠٣دا، جارێکی تر ئەم پێوەندییەی خستە بەر تاقیکردنەوە. ئەمریکا پێیوابوو تورکیا لەو شەڕەشدا هاوکاری دەکا. بەڵام پەرلەمانی تورکیا (کە حزبی عەدالەت و پەرەپێدان تیایدا زۆرینەیە)، ئەو یاداشتەی حکوومەتی رەتکردەوەو رێگەی نەدا بە هێزەکانی ئەمریکا (٦٢ هەزار سەرباز)، خاکی تورکیا بکەنە قزگەو لەوێوە پەلاماری "باکوری عیراق" بدەن و بەرەی دووەمی شەڕ بکەنەوە. سوپای تورکیاش- کە هەندێک بە هاوسۆزی ئەمریکای دەزانن- هەڵوێستێکی تری نەبوو، بەڵام دەبی ئەوەش بگوتری لەو شەڕەدا، ئاسمانی تورکیا و بنکەی ئەنجەرلیک، لەبەردەم فڕۆکەکانی ئەمریکادا کراوە بوون.

• تورکیا بۆ ئەم هەڵوێستەی نیشاندا، رەنگە ئەمە قسەی زۆر هەڵبگری. لێ زۆربەی لێکۆڵەران بۆ چەند هۆکارێکی دەگەڕێننەوە: لە بنەڕەتدا تورکیا لەتەک وڵاتانی عەرەبی لە هەوڵی ئەوە دابوو شەڕ دژی رژێمی سەدام بەرپا نەبێت، لەناو تورکیاش رای گشتی بەتوندی دژە شەڕ بوو، حزبی عەدالەت کە تازە هاتبووە سەرکار حیسابی بۆ دەکرد. هەروا تورکیا پێیوابوو لە ئاکامی شەڕدا، بەتەنیا کوردی عیراق قازانج دەکەن و دەوڵەتی خۆیان دادەمەزرێنن! ئەمەش بۆ ئەوان خەتی سوور و بڤەیە.

• ئەمریکا، لەم هەڵوێستەی تورکیا پەست بوو. هەر زوو پۆل ولفریتز، جێگری وەزیری بەرگری ئەو دەمەی ئەمریکا، گوتی تورکیا هەڵەی کردو پێویستە دان بەو هەڵەیەش بنێت، بەڵام رەجەب تەیب ئۆردوگان لە ٧ی ئاداری ٢٠٠٣دا وەڵامی دایەوە و گوتی تورکیا هەڵەی نەکردووەو ئیحتیاتی پێویستیشی بۆ خۆی کردووە.

• لە دوای روخانی سەدام، هێزەکانی ئەمریکا، پەلاماری بنکەیەکی تورکییان لە سلێمانی داو تورەگەیان لەسەری ١١ ئەفسەرو دەرەجەداری هێزە تایبەتییەکانی تورک کرد، بە تۆمەتی پلاننانەوە بۆ تیرۆرکردنی عەبدولرەحمان مستەفای پارێزگاری کەرکووک. تورکیا، ئەو کارەی ئەمریکای بە سوکایەتیکردنێکی بە ئانقەست بۆ خۆی زانی. هەر ئەوەدەمە لەبەردەم سەفارەتخانەی ئەمریکا لە ئەنقەرە، لافیتەو دروشمی لەبابەتی "نابینە کرێگرتەی ئەمریکا" و "لە خاکی ئێمە بڕۆنە دەرێ" و.. بەرزکرانەوە! راستە دواتر کۆبوونەوەیەکی هاوبەش لە نێوان هەردوولادا بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە کراو بۆ دڵدانەوەی تورکیاش جەخت لەسەر ئۆپەراسیۆنی هاوبەش دژ بە گەریلاکانی پەکەکە لە "باکوری عیراق" کرایەوە.

• بەڵام وەک دەردەکەوێ، لەسەرینی ئەم هەڵوێستەی تورکیاوە، لە پێڤاژۆی پێوەندییەکانی ئەو دوو وڵاتە، لەدوای روخانی سەدام، ئەوە واشنتۆنە هێڵی سوور بۆ ئەنقەرە دەکێشێت، نەک بە پێچەوانەوە. بە کورتی تورکیا، شەریکی ئەمریکا نییە لە عیراقدا، تا تورکیا هەندێ لە "ئیملائاتی سیاسی" خۆی لە ناوچەکە بەسەر ئەمریکادا بچەسپێنی! یان بڵێین ئەمریکا لێی قبوڵ بکا.

• هەروا دەبینین، **ئەمریکا وەک جاران گەرموگوڕ نییە لە پشتەوانیکردنی تورکیا بۆ چوونە ناو یەکێتیی ئەورووپی**، هەر زوو، دوای ئەو هەڵوێستەی تورکیا، لە نیسانی ٢٠٠٣دا کۆڵن

پاول، وەزیری دەرەوەی ئەودەمەی ئەمریکا رایگەیاند: دەبێ تورکیا رێز لە مافەکانی مرۆڤ و پێوەرەکانی کۆپنهاگن بگری بەر لەوەی ببێتە ئەندامی ئەو یەکێتییە. هەروەک دەزاندری بەریتانیا، بە گەرمی پشتەوانی بە ئەندام بوونی تورکیا دەکا. لێ فەرەنساو ئیسپانیا دژی ئەم داخوازیەن، ئیتالیاش جارێک لەگەڵ و جارێک دژە. بەڵام **ئەگەر تورکیا نا ئومێد ببێ لە بوونە ئەندام لەو یەکێتییە، وەک ئەگەرێک رەنگەبەرەو رۆژهەڵات و ئاسیا با بداتەوە: واتە روسیا و چین و وڵاتانی ئیسلامی.** پێناچی ئەمریکا ئەوەی پی خۆش بێت. بەڵام پشتەوانی ئەمریکا بۆ تورکیا بێ مەرج و باج نییە، بەڵام دەستیشی لی بەرنادا.

• بۆیە ئەمریکا، لە تورکیای دەوێ ، نەک هەر لە ئێران و سوریا نزیک نەکەوێتەوە، بەڵکە زۆریشیان بۆ بێنی. بەڵام تورکیا، تا ئێستا ناوەناوە، لەگەڵ ئەو دوو وڵاتەدا سەبارەت بە ئێستاو ئایندەی عێراق و پرسی کوردان تەنسیق دەکا. لەکاتێکدا، ئەمریکا، ئێران و سوریا بە هۆکاری ناسەقامگیری و دالّدەو پشتەوانیکردنی ئیرهاب لە عیراق و ناوچەکە تاوانبار دەکا. هەروا لەکاتێکدا عەبدوڵڵا گول و کۆندالیزا رایس، لە ٥ی تەمووزی ٢٠٠٦دا، گەیشتبوونە رێککەوتنێکی ستراتیجی لەژێر ناوی (تێڕامانی هاوبەش و دیالۆگی بنیادنەرانە بۆ پەرەپێدانی شەریکایەتی ئەمریکی- تورکی) بۆ هێنانەدی ئاشتی و سەقامگیری لە رۆژهەڵاتی ناوین لە رێگەی دیموکراسییەوە، بۆ پشتەوانیکردن لە هەوڵ و تەقەلای نێودەوڵەتی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی عەرەب- ئیسرائیل، بۆ پەرەدان بە هێنانەدی سەقامگیری و دیموکراسی و بەختیاری لە عیراق، بۆ بەربەرەکانێی ئیرهاب و رێگەگرتن لە پرۆگرامی چەکی نەوەوی ئێران...

• دیارە **تورکیا لە بواری بازرگانی و ئابووریدا، لە هەموو وڵاتانی ناوچەکە پتر قازانجی کردووە. تەنیا لە کوردستان کۆمپانیایەکانی تورکی، بەتایبەتی لە بواری ئاوەدانکردنەوە، سووتەمەنی، کەلوپەل... بەشی شێریان بەرکەوتووە. بەڵام** وەک لە بواری ئابووریدا، قازانجیان کردووە، **لە بواری سیاسی و ئاسایشدا**، وەک ئەو رێککەوتننامەی نێوان ئەمریکا- تورکیا سەرەوەی ئاماژەی بۆ کردووە، **تورکیا هۆکاری ئیجابی نەبووە** و تەنانەت ئامادەنەبووە سەبارەت بە پرسە هاوبەشەکانیش لەگەڵ حکوومەتی کوردستاندا، بکەوێتە گفتوگۆ. ئیدی بەم دواییانە، تورکیا بەجارێ بووەتە هۆکارێک لە هۆکارەکانی ناسەقامگیری (کۆنگرەی پشتەوانیکردنی ئەهلی سوننە و کۆنفرەنسی کەرکووک). ئەمەش پێچەوانەی ویست و داخوازی ئەمریکاو رێککەوتننامەکەی سەرەوەیە.

• هەروا بۆ نمونە، شەش مانگ زێترە، لیژنەیەک بۆ تەنسیقکردن لە نێوان ئەمریکا- تورکیا- عیراق سەبارەت بە کێشەی گەریلاکانی پەکەکە لە کوردستانی عێراق، دامەزراوە. ئەمریکا، لە مانگی ئابی ٢٠٠٦-ەوە، جەنەراڵ رالستۆنی وەک مونەسیق بۆ ئەو لیژنەیە داناوە، لێ تا ئێستا ئەو لیژنە سی قۆڵییە کۆنەبۆتەوە بە هۆی نارازیبوونی ئەنقەرە لەبەشداریکردنی نوێنەری کوردی عیراق لەو لیژنەیەدا. ئەمە لەکاتێکدا تورکیا، ئەمریکا و حکوومەتی عیراق و کوردی ئێرە بەوە تاوانبار دەکا کە لە رێگەگرتن لە پەکەکە جیددی نین. شایانی گوتنە لە سەردانی جەنەراڵ رالستۆن بۆ کوردستان و دیمانە لەگەڵ سەرۆک بارزانی، لە کۆتایی کانوونی دووەمی رابردوودا، بە قسەی دکتۆر فوئاد حوسێن، "فایلی پەکەکە و مەسەلەی کەرکووک هاتنە بەرباس، لەمبارەوە هەردوولا جەختیان لەسەر چارەسەری ئاشتییانەی ئەو کێشەیە کردەوە"، پاشان جەنەراڵی ناوبراو سەردانی کەمپی ئاوارەکانی کوردی تورکیای لە مەخمور کرد، چونکە تورکیا دەنگۆیەکی وای بڵاو کردبۆوە کە گوایا پەکەکە ئەم کەمپە بۆ مەشقی سەربازی بەکاردەهێنی، بەڵام دەرکەوت ئەو پرۆپاگندەیە راست نییە، بۆ راست و دروستی ئەو ئیدعایە، کەمپەکە لە لایەن هێزەکانی عیراقییەوە پشکنراو سەرژمێری ئاوارەکانیش لە لایەن un-ەوە کرا. جەنەراڵ رالستۆن بەڵێنی بە ئاوارەکانی کوردی دا ژیان و گوزەران و داخوازییە دیموکراتییەکانی ئەوان لەگەڵ حکوومەتی خۆی و حکوومەتی تورکیادا باس بکات و داخوازی لە رێکخراوە مرۆڤدۆستەکانیش کرد کە هاوکاری و کۆمەکیان پێ بکەن. لەکاتێکدا تورکیا چاوەڕوان بوو، ئەمریکا کەمپەکە دابخات!

• سەبارەت بە پرسی کەرکووک-یش، کە تورکیا بە بۆنەو بێ بۆنە باسی دەکات و خەفەتی پێوە دەخوات، جەنەراڵ رالستۆن، وەک باقی بەرپرسەکانی تری ئەمریکا، رای رەسمی ئەمریکا دووپات کردەوە و گوتی: (پرسی کەرکووک، پرسێکی ناوخۆییەو پێوەندی بە گەلی عیراقەوە هەیە و میکانیزمێکیش لە دەستووری عیراقیدا هەیە بۆ چارەسەرکردنی ئەم مەسەلەیە). شایانی گوتنە، رەنگە تورکیا لەوەش هەراسان بێ کە بەم دواییانە، لیژنەی باڵای مادده ١٤٠، دوو بڕیاری گرنگ سەبارەت بە ناردنەوەی عەرەبە هاوردەکان دەرکرد. دوا بە دوای ئەوە لە ٨ی ئەم مانگەدا، لە ئاخاوتنێکدا، ئەدیب یەشاری مونەسیقی تورکی بۆ پرسی کورد گوتی: ئەگەر کۆبوونەوە بۆ (بەربەرەکانێی ئیرهاب بێت، ئامادەیە لەگەڵ سەرانی کورد کۆببێتەوە).

• هاوکات لەگەڵ ئەمەدا، وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، شون ماکورماک، گوتی کۆندالیزا لە حەفتەی رابردوودا داوای لە عەبدوڵڵا گول کردووە کە نابێ تورکیا پەنا بۆ کاری سەربازی دژی یاخیبووە کوردەکان بکات لە عیراق و (نامانەوێ زەبروزەنگ و توندوتیژیی زێتر لە عیراقدا ببینین) و (تورکیاو عیراق بەرژەوەندییان لەوەدایە بەیەکەوە کار بۆ چارەسەرکردنی ئەم مەسەلەیە بکەن). پێشتر رەجەب تەیب ئەردۆگان گوتبووی: رالستۆن تا ئێستا هیچی نەکردووە و دانانی تەنیا تەکتیکێکە بۆ سەرقاڵکردنی تورکیا و ئەوەتا یاخیبووان بنکەو بارەگایان لەسەر سنوور هەیە. لە ئاخاوتنێکیشدا، عەبدوڵڵا گول بۆ رۆژنامەی زەمانی تورکی (لە ١٠ی ئەم مانگە بڵاوکراوەتەوە) دواوە کە گوتویەتی، ویلایەتی موسڵ -مان بەپێی رێککەوتننامەی ١٩٢٦ بۆ عێراقێکی یەکگرتوو جێهێشت، بۆیە دەبی عێراق بەیەکگرتوویی بمێنێتەوە، ئەگەر عیراق دابەش بکرێ، ئەو رێککەوتننامەیە بە هەڵوەشاوە دادەنری و ئەو دەمە وەکو پێش رێککەوتننامەکە، هەر لایەنە مافی خۆی لەو ویلایەتەدا هەیە. بە کورتی پەلاماری دەدەین. لە سەرێکی تریشەوە، ئەحمەد داود ئۆغلوی، راوێژکاری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بۆ کاروباری دەرەوە، گوتی تورکیا دژی ئەوەیە هێزی ناتۆ و هێزی ئەمریکی لە "باکوری عیراق" جێگیر ببی، چونکە رەوشەکە ئاڵۆزتر دەکا. لەکاتێکدا، بەپێی بڕیارەکانی ئەنجوومەنی ئاسایش، کە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراق موسادەقەیان لەسەر کردووە، ئەوە ئەرکی هێزەکانی فرە رەگەزە لە هەر جێیەکی عیراق دابمەزرێن و جێگیر بن کە رەوشی ئەمنیی ئەو جێیە، بەکوردستانیشەوە، پێویست بکا، دووەم هەر شتێکی لەمبابەتە، پێوەندی بە حکوومەتی عیراقەوە هەیە، نە وڵاتێکی تر.

• هەر بەقسەی ماکورماک، لەناو کۆنگرێسی ئەمریکا بزاوتی وا هەیە بۆ دەرکردنی قانوونێک بۆ بەرەسمی ناسینی ئەو قەسابخانەیەی کە ساڵی ١٩١٥، لەسایەی دەسەڵاتی عوسمانلی بۆ ئەرمەنان نرایەوە وەک جینۆساید. شایانی گوتنە، بەر لەماوەیەک، فەرەنسا شتێکی لەمبارەی پەسندکردو هەر لەبەر ئەوەش فەرەنسا لەگەڵ بە ئەندام بوونی تورکیا نییە لە یەکێتیی ئەوروپا تا تورکیا دان بە هەڵەی خۆی نەنێت و تۆماری خۆی لە بواری مافەکانی مرۆڤ چا نەکات. بەهەرحاڵ ئەم قسەیەی ماکورماک، پەیامێکی دیکەیە کە ئەمریکا پەیتا پەیتا بە گوێی دەسەڵاتدارانی تورکیای دادەدات. بێگومان ئەم پەیامانە لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی و دواتر هەڵبژاردنی گشتی تورکیا رەنگ دەداتەوە.

• بەهەرحال، تورکیا، بەم سیاسەتە هەڵەشەو ناواقیعییانەی، دڕدۆنگی نێوان خۆی و ئەمریکا زۆرتر دەکا. بەکورتی تورکیا هێشتا لەوە حاڵی نەبووە، کە رووخانی رژێمی سەدام، خاڵی وەرچەرخان بوو لە ناوچەکەداو "محددات"ی سیاسەتی ئەمریکا گۆڕانیان بەسەردا هاتووە. بەلای منەوە، **رەفتاری واقیعییانەی تورکیا، لەوانە لەبەرانبەر کوردو هەلومەرجی ناو عیراق و ئێران و سوریا، دەرفەتی لێکنزیکەوتنەوە لەنێوان ئەمریکا- تورکیا دەکاتەوە! بەڵام داخوا تورک ئەوە دەکەن؟!** ئەگەر مەنتیق و عەقڵ و بەرژەوەند فەرمانڕەوا بێت، بەڵی!